# ڕفاندنی دکتۆر فایەق کێشەیەکی سیاسیە یاخود یاسایی ؟

دیار غەریب
Diyar_helmet@yahoo.com

پێش ماوەیەك بابەتێکم نوسی سەبارەت بەوەی بۆچی پاتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئەوەندە لەلایەن دەسەلاتی هەرێمی کوردستانەوە دژایەتی دەکرێت و فشاری دەخرێتە سەر . لێرەدا دەمەوێت وەك و بەردەوامی ئەو بابەتە خالێکی تر بھوروژێنم کە بە ڕای من هۆکارێکی سەرەکی ئەو فشار و ڕفاندنانەیەو ڕفاندنی بەڕێز دکتۆر فایەق سەرۆکی ئەم پارتە سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە.

بێگومان ئەوەی ئەمڕۆ زۆر باس لە سەروەری یاسا و دەسەلاتی یاسا دەکات یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و لەم بوارەدا ڕێگە بە کەس نادات و خۆی بە سەر قافلە دەزانێت و پێی وایە کە لە ئاست ئەودا پێویستە هیچ کەس و لایەنێك قسە نەکەن. لە م حالەتەدا بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی لەخۆیان بپرسن کە ئایا مرۆڤێکی ئاسایی لە ولاتی یاسادا بە چی ڕەنگێك فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت و بە چی ڕەنگێك دەستگیر دەکرێت ، ئەو کاتە دەزانن کە چی کارێکی نا یاساییان ئەنجامداوە، من نامەوێت ئەو بەرپرسە بەڕێزانە فێر بکەم چونکە ئەوان لەم بوارەدا مامۆستای ئێمەن و بۆ ئێمە نییە ئەوان ڕێنمایی بکەین , چونکە ئەوان هەر برا گەورە بوون و هەر برا گەورەن و ئەوەی ئەوان دەیزانن ئێمە قەد پەی پێ نابەین , کاتێك ئەوان خەباتیان کردووە ئێمە و مانان هەر واتای خەبات و یاساو ڕێسامان نەزانیوە, ئیتر چۆن دەبێت ئەمڕۆ ئێمە ڕێنمایی ئەوان بکەین یاخود لەو بوارانەدا ڕەخنەیان بکەین . بە هەرحاڵ بۆ بیرهێنانەوە باسی دەکەم , ئەگەر مرۆڤێك بە هەر تۆمەتێك تاوانبار کرا ئەوا دادگا لەڕێگەی فەرمانی فەرمییەوە جێگەی دانیشتنی و جێگەی کاری ئاگادار دەکاتەوە , خۆ ئەگەر جێگەی دانیشتن و کاری تۆمەتبار دیار نەبوو ئەوا لە ڕێگەی چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە بانگێشتی بەردەم دادگا دەکرێت و ماوەی بۆ دیاری دەکرێت ئەگەر لەو ماوەیەدا نەچووە بەردەم دادگا ئەوکاتە خاڵی پشکنین و بنکەکانی پۆلیس ئاگادار دەکرێنەوە کە لە هەر جێگەیەکدا تۆمەتبار بینرا دەستگیر بکرێت . خۆ ئەگەر تۆمەتبار کەسێکی دیار بێت ئەوە ئەم لایەنانە زۆر زیاتر لەبەر چاو دەگیرێت ، ئەوەتا یاسا بۆ پەرلەمانتار و پارێزەر و کەسێتیە سیاسیەکان حەسانەی دیبلۆماسی داناوە و هەتا خاوەنی ئەو حەسانەیە بێت نابێت دەستگیر بکرێت ، بێگومان سەرۆکی پارتێکی یاساییش خاوەن هەمان پێگەیەو پێویستە وەها مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .

هەر بۆیە ئەگەر دەسەلاتدارانی سلێمانی هیچ وەفایان بۆ ئەوەندەماندوو بوونی دکتۆر فایەق نەبوو کە لە ڕیزی ئەو پارتەدا و لە گەڵ ئەواندا خەباتی دەکرد و ڕێزی ئەوەیان نەگرت کە خاوەنی ژمارەیەك شەهیدە لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا ، ئەوا پێویست بوو وەکو پەرلەمانتارێکی خانەنشین کە بە بڕیاری خۆیان خانەنشینە مامەڵەیان لەگەڵدا بکردایە یان هەر هیچ نەبێت وەکو هاولاتیەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکردایە . خۆ بەڕێز دکتۆر فایەق جێگەی کاری و جێگەی ماڵیشی دیارە , ئایا دادوەر یاخود پۆلیس و ئاسایش نەیاندەتوانی ئاگاداری بکەنەوەو بانگێشتی بەردەم یاسای بکەن ، بۆ خۆیان دەڵێن ئەو ئیفادانە هی ساڵ و نیوێك پێش ئێستایە و بە پێی ئەو زانیاریانەی لە دادگاوە دەست کەوتوون شەش مانگ زیاترە فایلی ئەو کێشەیە داخراوە ، ئایا لەم ماوەیەدا نەیاندەتوانی کە بەڕێزی ئاگادار بکەنەوە، ئەی باشە ئەگەر وەکو دەڵێن تۆمەتبارەکان ئیفادەیان لەسەر دکتۆر فایەق داوە بۆچی لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی دادگادا بەڕێز دکتۆر فایەق ئاگادار نەکرایەوە یان وەکو تۆمەتبار ئەویش بانگێشتی دادگا نەکرا. لەم ڕووداوەدا لە ڕووی یاساییەوە دەتوانین ئەم چەند شیمانەیە باس بکەین:

1- شیمانەی ئەوە هەیە کە هیچ ئیفادەیەك لە ئارادا نەبێت و ئەمە تۆمەتێکە و بۆ ناو زڕاندنی بەڕێزدکتۆرفایەق و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان دروستکراوە و هەڵبەستراوە.
2- ئەگەر ئیفادە هەبێت ئەوا ئەو دادگاییەی کە بەڕێوەبراوە دادگاییەکی ڕاست نەبووە چونکە بەپێی ئیفادەکە دکتۆر فایەق تۆمەتبارەو بەشدارە لەو تاوانەدا بەلام بانگهێشتی دادگا نەکراوە ، ئەمەش ڕاستی بەڕێوەچوونی دادگاییەکە

دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە . ئایا بۆچی لەکاتی دادگایەکەدا دکتۆر فایەق بانگهێشت نەکراوە بۆ بەردەم دادگا ، ئەی بۆچی دادوەر لەم کارە نایاساییە بێدەنگ بووە ؟

3- ئاشکرایە ئەو دوو حاڵەتەی سەرەوە کامیان ڕاست بێت ئەوا پێویستە دادگای سلێمانی و بەرپرسانی ئاسایش بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەوە چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا یاری بە یاسا کراوەو یاسا پەیڕەو نەکراوە.

4- لە هەموو حاڵەتێکیشدا پێویستە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی بە پێی یاسا سزا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و سزای یاسایی بدرێن , چونکە یاسا و بنەماکانی مافی مرۆڤیان پێشێلکردووە . گرتنی دکتۆر فایەق بەو شێوەیە بە پێی یاسا دەکەوێتە خانەی فڕاندنەوە, چونکە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتر و بە بێ فەرمانی دادگا و لە سەر ڕێگە بە شێوەی بۆسە دەستگیر دەکرێت . کە ئەمانەش کاری دەرەوەی یاسان و کردەوەکانی ڕژێمی بەعسمان بیر دێنێتەوە . ئەمەش بۆ خۆی تۆقاندنە و تۆقاندنیش شێوەیەکە لە شێوەکانی تیرۆر. هەر بۆیە پێویستە هەڵمەتێك دەست پێبکەین بۆ کۆتایهێنان بەم شێوە ڕەفتارانە کە لە لایەن دام و دەزگاکانی ئاسایشەوە پەیڕەو دەکرێت.

5- لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم کێشەیە کێشەیەکی یاسایی نییە و کێشەیەکی سیاسییە و لە مەش زیاتر یاساش خراوەتە خزمەت دەسەڵاتدارانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

هۆکاری ئەمەش هەمووی ئەوەیە کە ئەمڕۆ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کە دکتۆر فایەق سەرۆکایەتی دەکات ناکەوێتە ناو فەلەکی سیاسەتی یەکێتیەوە و دەخوازێت خاوەنی هەڵوێستی تایبەتی خۆی بێت و بە سپی بڵێت سپی و بە ڕەشیش بڵێت ڕەش نەك بە چاویلکەی دەسەڵات دیاردە و کێشەکان ببینێت. فشارەکانی ئە دواییەی هەردوو ئاسایشی هەولێر و سلێمانی بۆ داخستنی بارەگاکان و ناو زڕاندنی پارتی چارەسەری و ئامادە نەبوونیان بۆ دانیشتن لەگەڵ بەرەی گۆڕانی دیموکراتیدا کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو دەسەڵاتە ناتوانێت ململانێی سیاسی پەسند بکات و لە پێناوی ڕێگە گرتن لە هەر تێڕوانین و هێزێکی جیاواز هەموو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ لە پێناوی سەرکوتکردن وبێدەنگکردنیدا. بەڵام من گومانم نییە کە ئیتر ئەو سەردەمە بەسەر چووە هەموو کەس بە کڵاوی دەسەڵات شت بپێوێت و ئەوانەشی وا بیردەکەنەوە تەنیا خۆیان دەکەنە پەند بۆ مێژوو.